وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

کۆلێژی ئاداب - بەشی جوگرافیا

بابەت :جوگرافیای شار

# قەبارەی شارەکانو پەیوەندی نێوانیان

## (سیستەمی شارنشيني – Urban System)

مامۆستای بابەت : کامران ولی محمود

# تەوەرەکان :

- سیستەمی شارنشینی
- یاسای ( پلە / قەبارە )
- یاسای شاری سەرکردە

# سیستەمی شارنشینی :

سیستەمی شارنشینی بریتیە لە سەرجەم ئەو نێوەندە ئاوەدانیانیەی کە سیفەتی شاریان هەیەو دەکەونە رووبەرێکی دیاری کراو: وڵات، هەرێم، پارێزگا یان قەزا یان هەر هەرێمێکی جوگرافی تر.

ئینجا خوێندنی ئەو دابەشبوونەی شارەکان گرنگی زۆری هەیە، چونکە دابەشبوونی خزمەتگوزاریەکانو چۆنیەتی بەڕێوەچوونی وەزیفەی شارەکان بە باشترین شێوەو کەمکردنەوەی گرفتەکانی دانیشتوانی شارو لادێیەکان، تا رادەیەکی زۆر زامن دەکات.

بۆ ئەو مەبەستە زاناکان لەسەرجەم بوارەکانی زانستو زانیاری هەوڵی زۆریان داوە بۆ گەیشتن بە سیستەمێکی شارنشینی تەندروست لە رێگەی چەند یاسایەک، وەک یاسای پلە/قەبارە، و یاسای شاری سەرکردە.

# ١ – یاسای پلە / قەبارە :



1950 – 1902

خوێندنی بەکالۆریۆس‌و ماستەرو دکتۆرای لە زانکۆی هارفەردی ئەمەریکی تەواو کردووە، پسپۆڕبووە لە بواری زانستی زمان‌و ئامار.

ئەو یاسایە لە لایەن زانای ئەمەریکی جۆرج کینگسلی زیف – George Kingsley Zipf لە ساڵی ١٩٤١ پێشکەش کرا، کە لێکۆڵینەوەی لەسەر ژمارەیەک شاری ئەمەریکایی ئەنجامداو گەیشتە ئەو رایەی کە پەیوەندیەکی ئاماری ڕێک لە نێوان شارەکان بەدی دەکرێ، بە گوێرەی دوو گۆڕاو: (ژمارەی دانیشتوان واتە قەبارە) و (پلە). دواتر ناونرا بە یاسای (پلە/قەبارە Rank – Size Rule).)

بەگوێرەی ئەو یاسایە شارەکان ئەگەر ڕێکخران بەشێوەیەکی زنجیرەیی لە گەورە بۆ بچووک، ئەوا پەیوەندیەکی ڕێک دروست دەبێ لەنێوان شاری یەکەم‌و شارەکانی تری زنجیرەکە بەشێوەیەک کە شاری دووەم بریتیە لە نیوەی شارەکەی یەکەم، هەروەها شاری سێیەم بریتیە لە سێ یەکی شارەکەی یەکەم‌و شاری چوارەمیش چواریەکی (واتە ١/٤)ی شاری یەکەمەو بەم شێوەیە تا سەرجەم شارەکانی ئەو ناوچەیە تەواو دەبێ. وەک ئەو هاوکێشەیەی خوارەوە:

# ١ – یاسای پلە / قەبارە :

$$P = \frac{P_1}{rn}$$


$P$ : ژمارەی شاری داواکراو


$P_1$ : ژمارەی شاری یەکەم


$rn$ : پلەی ریزبەندی شاری داواکراو


بۆ ریزبەند کردنی شارەکان زیف هەڵسا بە دانانی ئەو شارانە لەسەر تانوپۆی لۆگاریتمی X و Y . بۆ نموونە شارەکانی ئەمەریکاو چەند وڵاتێکی دیکەی جیهان‌و پارێزگای هەولێریش بەو شێوەیە بوون کە لە لاپەرەی دواتر بەدیار دەکەوێ:


# ١ – یاسای پله / قەبارە :







# ٢ - یاسای شاری سەرکردە :

(مارک جیڤرسن - Mark Jefferson) لەساڵی ١٩٣٩ یاسایەکی پێشکەش کرد، کە بە یاسای (شاری سەرکردە - The Law of Primate City ) ناسراو لەبەرامبەر شاری یەکەم دێت لە یاساکەی زیف. بەڵام لای جیفرسن شاری سەرکردە زۆر گەورەترە لە رووی گرنگی سیاسیی‌و نەتەوەیی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و دانیشتوانەوە.


شاری سەرکردە هەموو گەشەسەندنێک‌و وەبەرهێنانەکانی وڵات بەشێوەیەکی یەکجار گەورە بۆ خۆی کێش دەکاو دواتر دانیشتوانیش، بێگومان لەسەر حیسابی ریزبەندی شارەکانی تری وڵات، کە رۆژ لە دوای رۆژ کاریگەریەکەی زیاتر دەبی‌و شارە بچووکەکانیش زیاتر گرنگیان کەمتر دەبێتەوەو دەبنە یەخسیری دەستی شاری سەرکردە.



1949 - 1863

خوێندنی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی بۆستن و ماستەری لە زانکۆی هارفەردی ئەمەریکی تەواو کردووە، بۆ ماوەی ٣٨ ساڵ سەرۆکی بەشی جوگرافیا بووە لە زانکۆی رۆژهەڵاتی مێشیگن

# ٢ - یاسای شاری سەرکردە :



1949 – 1863

خوێندنی بەکالۆریۆسی لە زانکۆی بۆستن و ماستەری لە زانکۆی هارفەردی ئەمەریکی تەواو کردووە، بۆ ماوەی ٣٨ ساڵ سەرۆکی بەشی جوگرافیا بووە لە زانکۆی رۆژهەلاتی مێشیگن

جیڤرسن وای دانا کە شاری یەکەم ناچێتە ژێر باڵی یاساکەی زیف، بەڵکو رێژەی دانیشتوانی شاری یەکەم بەو شێوەیە دەبێ بەرامبەر شاری دووەمو سێیەم 20 :30 :100: لەدوای یەک.

جوگرافیناسەکان لەسەر زۆربەی زۆری وڵاتان ئەو یاسایەیان پراکتیزە کردو گەیشتنە ئەو رایەی کە یاسای شاری سەرکردە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان دەچەسپێ کە خۆی لە پایتەختی ئەو وڵاتانە دەبینێتەوە.

THANKS